# سبەی کەسێک وەک من.

شیعری
حەمە کاکەڕەش

نامەکانم فڕێدایە دەریاوە
دەمی ماسییەکانم پڕکرد لە خۆڵ
سەگەکانم لە قەرسیلەکاندا بەستەوە
هێلانەی کۆترەکانم بە دووکەڵ شاردەوە
دڵی ئاوێنەکانم پارچە پارچە کرد
وێنەکانم دایە دەم باوە
لە کتێبەکان کۆلارەیەکم دروستکرد
لە باڵەکانیم نووسی منالی تۆ لە کوێی

بۆ ناگەڕێیتەوە چاوەڕێتم چاوەڕێ
لەوە زیاتر بەرگەی ئەم ژیانە هیچە ناگرم
یادگارییەکانم فڕێدایە ئاخوری ئەسپەکانەوە
ئەو پەنجەرەیەی بەیانیان بەڕوی دەریادا دەمکردەوە
بەتاریکیم سپارد
چۆلەکەکان بەجریووە ژیانیان دەنووسییەوە
تاکێك پێڵاوم تێگرتن
ژیان فەرامۆشکردنەی
شەقامەکان پڕبوون لە گەڵای وەری
خۆشترین بۆن لە گیانی گەڵاکانەوە ئەڕژایە. با وە
من بۆ ئەستێرەیەکی سەرگەردان دەگەڕێم
ورشەی لە هیچ ئاسمانێکەوە نابینرێ
من پەستم نیگەرانم خەمبارم
پەستی ئەوەم سبەی هی من نیەو
کەسێکی تر لە شەقامەکاندا
بەشوێن پێکانی مندا دەڕواو
هەست بەگەرمی شوێن پێکانی من ناکات
کەسێکی تر وەك من لە دەرگایەك دەداو
هەست بە چاوەڕوانی من ناکات بۆ کردنەوەی دەرگا
بۆکردنەوەی یەکەم قسە
کەسێکی تر
وەك من نوکتەیەك دەگێڕێتەوە و
نازانێ کەمن دەیان جار
ئەو نوکتەیەم بۆ برادەرەکانم گێڕاوەتەوە
کەسێکی تر وەك من
نامەیەك بۆدڵدارەکەی دەنوسێ و
وەك من بە خۆشەویستەکەی دەڵی
تۆ ئاسمانی تۆدەریای
تۆ بارانی تۆ باخچەی گوڵەکانی

تۆ ناسكی پاكی جوانی
من  نیگەرانم خەمبارم خەمباری ئەوەم
سبەی بەڵێ سبەی
لەگەڵ فڕینی باڵندەكاندا
لەگەڵ وەرینی گوڵەكاندا
كەسێك وەك من
چاوی پڕدەبێ لە فرمێسك
دڵی پڕ دەبێ لە خورپە
كەسێك وەك من
لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا
هەست بە هیچ و پووچی ژیان دەكا
كەسێك وەك من
لەگەڵ گەورە بووندا
تادێ مناڵ دەبێتەوە
كەسێك وە من
هەمیشە قاچ ئەخاتە ئاوەكانەوە
هەست بەهاژەی بەرد ناكات
كەسێك وەك من
بەدرەختەكاندا سەردەكەوێ و
شوێن دەستەكانم نابینێ
كە پڕن لە پەرۆشی بۆ ژیان
كەسێك وەك من لەئاوێنەدا
خۆی دەدوێنێ گوێی لە چرپەی دەنگی من نابێ
گوێی لە مەراقەكانم نابێ
كە بۆ بەسەر چوونی تەمەن دەیخۆم
وێنەكانی من نابینێ بەدڵی ئاوێنەوە
كەسێك وەك من
بەژێر باراندا ڕادەكا و من نیم
وەك من
گوێ لە كپی بەفر دەگرێ و من نیم
وەك من لەگەڵ كۆترەكاندا دەفڕێ و من نیم
كەسێك ........      وەك من
دەستی لەگەڵ چیمەنی باخچەدا تێكەڵ دەكاو  من نیم
من ئەوكاتە تۆزی سەر پەنجەرەی ماڵەچۆڵەكانم
گەڵای وەریوی درەختەكانم
من ئەوكاتە وێنەیەكی دڕاوی قەراغ جۆگایەكم
نامەیەكی فرامۆشكراوم دێر دێر كاڵدەبمەوە
ئەستێرایەكی شكاوم تاریكی دامئەپۆشێ
كتێبێكم لەسەر ڕەفەكانی مردن
هیچ دەستێكی ژیان لاپەڕەكانم هەڵناداتەوە
كۆترێكم لە بەرد زمانی فڕین نازانم
ئاگرێكم دەستی پەپوولەیەكم بۆ گەرم ناكرێتەوە
دەریایەكم تینوێتی گوڵێكم پێناشكێ

من پەستم نیگەرانم خەمبارم
خەمباری ئەوەم سبەی هی من نیە
سبەی کەسێك  وەك من لەکەنار دەریادا
لە نەورەسەکان دەڕوانێ و
ئایەتی تەڕبوون دەخوێنێ و
هەست بەچرپەی دەنگی من ناکات
کە ئەڕژێمە شەپۆلەکانەوە
سبەی کەسێك وەك من
بۆ تەنیای ژنێك ئەسووتێ و
هەست بە سۆزی من ناکات
سبەی کەسێك وەك من
بیر لە خواوەند دەکاتەوەو
من نیم  بیر لەمردن و ژیان دەکاتەوە و  من نیم
بیر لەمناڵی و عەشق دەکاتەوە من نیم
سبەی کەسێك وەك من
بەمەرگی مرۆڤێك ئەسپێك کۆترێك
هەراسان دەبێ و من نیم
سبەی کەسێك وەك من
دووبارە دەبێتەوە و من نیم
وەك من خەیاڵ دەکاو
وەك من دەژێ و وەك من دەمرێ و
من نیم چونکە ئەوکاتە
من لە دەرەوەی بوونم
من نابم من نیم

سوید  2002